


**بەپێی ڕاپۆرتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەساڵی ٢٠١١لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان ٨٧ ئافرەت کوژراوەو ٣٥١ حاڵەتی سووتان و ٩٩٠ حاڵەتی ئەشکەنجەدان و ١٠٩حاڵەتی توندوتیژی سێکسی و ٢٥٣٨ سکاڵا تۆمارکراوە. ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە دەکات کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کەمی کردووە.**

# چالاکڤانان چۆن دەڕواننە ڕاپۆرتی ئەمساڵی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی...؟

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە دەردەکەوێت کەزۆربەی ڕێژەی توندوتیژی لەشاری سلێمانییە. پاش بڵاوبوونەوەی ئەم ئامارە لەلایەن توێژەران و چالاکڤانانی بواری ئافرەتانەوە هەڵسەنگاندنی بۆکرا ڕەخنەی ئەوەی لێگیرا کە ئەم ئامارە کەم و زۆری تێدایەوە بەقوڵی نەچۆتە نێو ڕووداوەکان و جگە لەمەش ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئاماژە بەوە ناکات کە تاچەند توانیویانە کێشەکان چارەسەر بکەن هاوکات بەڕێوەبەری گشتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کوردۆ عومەر دەڵێ «لەراپۆرتی ئەمجارەدا ئاماژەمان بە چارەسەری ئەو کێشەو گیروگرفتانە کردووە کە چارەسەرمان کردووە، بۆنموونە «هەولێر (٢٠٦) کەیسەو سلێمانی و گەرمیان و دهۆك هەرکەیسێك و جۆری کەیسەکە ئاماژەمان پێداوە لای کاك جەمال وەك ئامار دامانناوە دەتوانن سوودی لێوەربگرن کەهەموو کێشەکانمان جیاکردۆتەوە سوتان و خۆسووتان.. چالاکوانی بواری ئافرەتان و بەڕێوەبەری سەنتەری ئاسودە لە سلێمانی (خانم ڕەحیم ) لەم بارەیەوە، دەڵێت «هەست دەکەم ئەو ئامارەی کە بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی بڵاوی کردۆتەوە زۆر کەمترە لەو ڕێژە راستەقینەیەی قوربانیانی ژنان کە لە واقیعی رۆژانەدا ڕوودەدات، ئێمە سەرەڕای ئەوەی ئەگەر ئامارەکە هەموو هەرێمی کوردستان بێت پێویستە زۆر بەگشتگیرانە قسە بکرێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو سەنتەر هەیە کە کار لەسەر ئەو پرسە دەکەن، بۆیە پێویستە بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی هەموو کەیسی ئەو ڕێکخراوانە وەربگرێت نەك تەنیا ئەو کەیسانەی کەلای خۆیان تۆمارکراوە واتا بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی تەنیا ئەو کەیسانە هەژمار دەکات کە لای خۆیان تۆمار کراوەو سەرجەم کەیسەکانی تری ڕێکخراوەکان فەرامۆش دەکات ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆر کەیس هەیە ناگاتە لای هیچ کەسێك و تۆمار ناکرێت. خانم رەحیمی زیاتر وتی: لەم حاڵەتەدا بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی دەتوانێت لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئامارەکاندا بڵێت ئەمە تەنیا ئەو کەیسانەیە کەلای ئێمە تۆمارکراوە ئەمە دووساڵە ئەم هەڵەیە دووبارە دەبێتەوە. هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی زۆر هاوکاری ڕێکخراوەکەی من دەکات، بەڵام من پێموایە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دانانرێت کەسەکان وەك پیشە، شوێنەکان پڕ دەکەنەوە ئەوەشی گرنگە کە کەسێك بیەوێت سەرکەوتووبێت پێویستە لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراو کەس و لایەنەکان هەماهەنگی هەبێت. لەلایەکی ترەوە هانا شوان سەرنوسەری گۆڤاری ڕێوان پێی وایە لەیەك نەچوونی ئامارەکان شتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشەو هەموومان هەستی پێدەکەین، هانا لەیەك نەچوونی ئەم ئامارانە دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژ بەئافرەتان هەماهەنگی تەواوی نییە لەگەڵ

سەنتەرو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان. کۆردو عومەر لەبارەی ئەوەی کە هەماهەنگیان نییە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان وسەنتەرەکان وتی «پەیوەندییەکی زۆر بەهێزمان هەیە لەهەموو شتەکاندا پرس بەیەکتری دەکەین و بەتایبەتی ئەنجوومەنی خانمان و هەروەها ڕێخراوەکانی ژنانیش بەتایبەتی یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی ژنان و خوشکان هەموو ئەوانە پێوەندیمان هەیە و کۆنتاکتی تەواومان هەیە.

خانم ڕەحیم پێی وایە ئەو یاسایانەی کە بۆ باشکردنی ڕەوشی ئافرەتان دانراون تاکو ئێستا جێبەجێ نەکراون و دەڵێت: پێویستە بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی هەوڵی ئەوە بدات کە لەمەودوا گوشار لەسەر حکومەت بکات بۆ جێبەجێکردنی هەموو یاساکان، لەکاتێکدا ئەمڕۆ بەرێوبەرایەتی گشتی بەدواداچوون هەیە و کۆمسیۆنی باڵای خانمان هەیە، بەڵام نەیانتوانیوە تائیستا توندوتیژی کەمبکەنەوە.

**کێشەی ئافرەت گەورەترە کە تایبەت بێت بەکابینەیەك**

هانا ئاماژە بەوە دەدات کە کێشەی توندوتیژی جارێکی تر تێکەڵ بەململانێی سیاسی و کێشەی شەخسی دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئامارو زیاد بوونی ڕێژەی توندوتیژی. لەم بارەیەوە کوردۆ عومەر وتی: کابینەی پێنجەم کە دامەزرێنەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لەگەڵ کابینەی کاك دکتۆر بەرهەم کە درێژە پێدەرە کۆمەڵێك کارو چالاکی ئەنجامداوە هەمووی درێژە پێدەری کارەکانی یەکترن، چونکە پرسی ژن لەوە گەورەترە کە تایبەت بێت بەکابینەیەك تایبەتە بەهەموو کابینەکان و وەزیرەکانەوە بۆیە تکا دەکەم ئەوەی گۆڤاری گوڵان دەخوێنێتەوە ئەو تێڕوانینەی لەلا دروستبێت چونکە من ئەوە ساڵێك و حەفت مانگە ئەو پرسیارەم لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان لێدەکەن، کاتی ئەوە هاتووە ئێمە کێشەی ژنمان لە حزبایەتی لەلا گەورەتربێت حەز دەکەم ئەو قسانە بە وردەکارییەوە بڵاوبکەنەوە بۆئەوەی کەسێکی تر جارێکی تر جورئەت نەکات بەو شێوەیە فکر بکاتەوە.

**چالاکوانان پێشنیاری چی دەکەن ...؟**

خانم رەحیمی پێشنیار دەکات کە بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی ڕۆژانە لە ویبسایتێکەوە ئامارەکان بڵاوبکاتە نەك ئەوەی ئیستا ساڵی جارێك بڵاو بکرێتەوە. دەڵێت: چونکە ئێستا ئێمە ناتوانین ئامارمان بەردەست بکەوێت تا ئەو کاتەی ئامارەکان بڵاودەبێتەوە لەلایەن ئەوانەوە کە ئەویش ساڵی جارێکە، بەڵام ئەگەربێت و ڕۆژانە بێت کارەکان باشتر و چاکتر دەبێت.

سەبارەت بە پێشنیارەکەی (خانم ڕەحیمی) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی وتی: بڵاوکردنەوەی ئاماری توندوتیژیەکان شتێکی باش نییە بۆدەروونی ژن ئەگەر سەیر بکەین لەهیچ وولاتێك نایەن ئاماری خۆیان بڵاو بکەنەوە لەلای خۆیان کۆی دەکەنەوە، من ئەوەندە دەزانم و ئەم ڕێکخراوانەی کە خولی مەشق و راهێنان بۆ دەکەنەوە بە نتەوە یەکگرتووەکان سەردانمان دەکەن ساڵا نەبێت بۆئەوەی بزانین ساڵانە بەراوردی ڕێژەکانی توندوتیژی بکەین بۆخۆی و بۆدەزگا ئەمنیەکان و چالاکونانەکان و دیراسەی مەنتیقەکان بکەین و بزانین لەچ شوێنێك توندوتیژی زۆرە ئەوە شتێکی زانستیە بۆیە باشترە ساڵانە ئامار بڵاوبکەینەوە، لەلایەکی ترەوە زۆرجار ڕۆژنامەنووسەکان وادەزانن ئامارەکان شتێکی تیادایە بۆیە بڵاوی ناکەینەوە بەنەزەری خۆیان بەداخەوە بەنەزەری خۆیان هەندێك کەسی نەخۆشن کە نەزەریان وایە لەبەر ئەوە بریارماندا هەموو مانگێك لەسەر سایتەکەمان بڵاوی بکەینەوە مانگانە نەك شەش مانگ جارێك یان سێ مانگ جارێك ئیتر نایەوێت کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی بۆ بکەین ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك بیەوێت یان چالاکوانێك دەتوانێت ئامارەکە لەوێ وەربگرێت و سوودی لێببینێت، هەروەها لەدوای کۆتایی ساڵ هەمووی کۆدەکەینەوە دەیدەینە ڕۆژنامەو سایەتەکان نایەن پێمان وابێت ئەوە چالاکی بێت چونکە ئەوە چالاکی نیە تۆ ئامار بڵاوبکەیتەوە.

**بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی پێویستە چی بکات..؟**

خانم رەحیم دەڵێت: بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی کاریان کردووە، بەڵام بەبەراورد بەو هەموو ئیمکانیەتە ماددیەی بۆیان دانراوە کەمتر، چونکە ئەوان لەڕووی ماددیەوە زۆر بایەخیان پێدراوە زۆر هاوکاریان کراوە، بەڵام لێرەدا ئەوەی گرنگە پێویستە بەڕێوەبەرایتی توندوتیژی هەوڵی ئەوەبدات ئەو هۆی بەرزبوونەوە توندوتیژی و هۆکارەکانی بزانێت و بتوانێت هەموو هۆکارەکان شی بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانن کە هۆی خۆسووتاندنی ئەو کەسەوە شی بکرێتەوە، واتا ئەو کارەساتە کە ڕوودەدات ئایا هۆی ڕوودانی رەنگە جێبەجێی نەکردنی یاساکان بێت، هیوادارم ئەو کەسانەی کەناتوانن کاری خۆیان بەرێکوپێکی بکەن شوێن بۆ خەڵکانی تر چۆڵ بکەن، هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت تاچەند کارەکان سەرکەوتوو بووە.





# جوانی ئافرەت لەچیدایە....؟؟؟

## توێژەرێکی دەروونی:

## کۆمەڵێک هۆکار هەن کە وا لەئافرەت دەکات لاسایی پیاو بکاتەوە

ئا: سانە سلێمان

« ئافرەتی ئێمە بزانن کە جوانیەکەی لەو ملوانکەیەی سەر سنگیەتی لەگەڵ ئەوەشدا غیرەیەکی زۆر لەناخی ئافرەت هەیە، پێویستە ئافرەت بە شێوەیەکی جوان پەروەردەی بکات بۆ ئەوەی بەردەوام ئاگاداری جوانیەکانی خۆی بێت» ئەمە قسەی شاعیر و نووسەر حەمید قەڵادزەییە دەڵێت «چونکە غیرە یەکێکە لە لایەنی بایۆلۆژی مرۆڤ و وەکو هەموو لایەنە شاراوەکانی تر لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی مرۆڤ گەورە دەبێ. حەمید قەڵادزەیی پێشیوایە کە ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو کێشانەی لەنێوان هاوسەران جگە لەوەی پێوەندی بە ئاستی وشیارییەوە هەیە، لایەنێکی تری کێشەکان زاڵبوونی کەلتوور و فەرهەنگی باو ڕۆڵ دەبینێ لە خولْقاندنیان و دەشڵێت «چونکە لێرەوە جارێکی تر باڵای غیرەی ژن یان پیاو، دەگاتە ئاستی مۆنۆپۆلکردن، ئەمە لەکاتێکدا لەناو کۆمەڵی وشیاردا تەنیا بوونی متمانە خۆشبەختی بەخێزان دەبەخشێ، لەناو کۆمەڵی کوردیدا، بەڕێژەیەکی بەرچاو متمانە لەئەزمە دایە. ئەگەر چی زۆر جار غیرە لە ئەنجامی بوونی خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام ناهوشیاری لەدەربڕین و نیشاندانی خۆشەویستی جارێکی تر خێزان دەکاتەوە ناوەندێکی بەرهەمهێنی ئاڵۆزییەکان، هەروەها سەبارەت بەرۆڵی ئافرەتی کورد لەکۆمەڵگەدا، نووسەر و چالاکوان و شارەزای کۆمەڵایەتی بێریڤان مەولود خدر بەرپرسی ئەنجومەنی قەزای هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئاماژە بەوەدەدا کە ئافرەت وەك هەموو مرۆڤەکان بەسەربەستی لەدایك بووەو بەشێکی زۆر مافی هەبووە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا و ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە و هەمیشە پێگەی دیاربووە، دەشڵێت «ئافرەتی کورد لەمێژوودا پێگەیەکی گەورەی هەبووە، لەقۆناغی کۆکردنەوە کەیەکەم قۆناغی مرۆڤایەتییە ئافرەت بەشداربووە لەکۆکردنەوەی خواردن و دواتر ئامادەکردنی خواردن لەناو ماڵدا بێجگە لەمانەش لەقۆناغی کشتوکاڵیشدا ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی کارای هەبووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئافرەتی کورد توانیویەتی بەدرێژایی مێژوو لە بازرگانیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت)).

### خودا جۆرێك نازی بەئافرەت بەخشیوە هەر بەو نازدارییە بمێنێتەوە جوانە

ئارام عەبدولا گەنجێکی خوێندکارە لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، پێیوایە ئافرەت تەنیا بەهەڵسوکەوتی مێینەیی خۆی جوانە، واتە دووربێت لەوەی خۆی وەکو پیاو لێبکات. ئەو گەنجە دەشڵێت «خودا جۆرێك نازی بەئافرەت بەخشیوە هەر بەو نازدارییەوە بمێنێتەوە، چونکە بەو جۆرە دەتوانێ زیاتر سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێ و متمانەی بەرامبەر بەدەست بێنێ. لەبەرئەوەی جوانی ئافرەت بەردەوام لە پاراستنی ئەو سروشت و سۆز و عاتیفە و نەرمیەیە کە خوا پێی بەخشیوە، چونکە هەموو شتەکان بە واقیع و سروشتی خۆیانەوە جوانترن بەتایبەت مەخلوقێکی گەورەی وەك کچیش پڕە لەسۆز و لەجوانی». ئارام باس لەوە دەکات ڕەگەزی مێ بۆیە بەرامبەر ڕەگەزی نێر دروست کراوە تا ببنە پاڵپشت و هاوبەشی یەکتر لە ژیاندا، کەوایە دەبێت هەر یەکێك لەو ڕەگەزانە واقیع و جوانی خۆی نیشان بدات. ئەگەرچی ئێمە دەتوانین لەڕووی سۆز و عاتیفەوە لاسایی کچێك بکەینەوە یاخود کچێك دەتوانێ لەڕووی بوێری و جموجوڵەوە وەکو کوڕێك بکات تا ڕاددەیەك، بەڵام گۆڕینی هەموو هەڵسوکەوتێك لەلای من جوان نییە، چونکە هەر یەکێك لە جوانیەکان هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندی و سروشتی خۆیەتی».

هەروەها نێرگز عەباس کچێکی تەمەن ١٨ ساڵە قوتابی شەشی دواناوەندییە، ئەو کچە لە هەڵسوکەوت کوڕانیە و بەردەوام هەوڵدەدات جلوبەرگەکانی و پێڵاوی کوڕانە بێت. ئەو کچە گلەیی لەڕەفتارەکانی خۆی دەکات و دەڵێت «زۆر حەز دەکەم وەکو کچان بەناسکی قسە بکەم و هاتووچۆ بکەم، بەس بەدەست خۆم نییە هەر لە منداڵیەوە بەم شێوەیە فێر بوومە لەناو کوڕان یاریم کردووە تا گەورە بووم». ئەو کچە باس لەوەش دەکات کە هاوڕێیەکانی ئامۆژگاری دەکەن کە لەو جۆرە هەڵسوکەوتانە دووربکەوێتەوە. چونکە ساڵێکی تر دەچێتە کۆلێژ چەندە جوان و کچانە بێت ئەوندە خۆشەویست دەبێت». نێرگز دەڵێت «دڵنیام ئەو جۆرە بیرکردنەوەی من لای خەڵکی جوان نییە کە کچێك هەوڵبدات وەکو پیاو بژیت، چونکە منیش پیاوێکم قبوڵ نییە وەکو ئافرەت بێت یان لاسایی ئافرەت بکاتەوە، چونکە پیاو هەر بە ئازایی پیاوەتی خۆی جوانە و ژنیش بە ناز و مەکرەوە سەرنجڕاکێشە».

### لەبەر ئەوەی پیاو هەموو شتێکی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، ژنیش لاسایی پیاو دەکاتەوە

کوردستان زرار توێژەری کۆمەڵایەتی و چالاکوان لەبواری مافەکانی ئافرەتاندا ئاماژەی بەوەدا کە کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکە زۆربەی دەسەڵاتەکان لەژێر کۆنترۆڵی پیاواندایە، لەبەر ئەوە پیاوان هەمیشە دەیانەوێت ئافرەت هیچ ڕۆڵێکی کارایان نەبێت، کوردستان دەشڵێت «لەبەر ئەوەی پیاوان هەموو دەستەڵاتێکیان بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە و هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەهیچ شێوەیەك ئامادەنابن ئافرەت بێتە ناو مەیدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵیان لەبەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە ئافرەتێکیان دەوێت بەتەواوی پابەندبێت بەهەموو قسەکانی پیاوەوە، هەر بۆیەشە ئافرەتی ئێمە لەو سەردەمەیە کە هەست دەکات کەشێکی باشی بۆ گونجاوە، هەوڵدەدات وەکو پیاو ڕەفتار بکات. خۆی لەو قاڵبە دەربێنێت کە سەردەمانێك بەهۆی ئەوەی ئافرەت بووە، بەچاوی زەعیفە سەیر کراوە». سەبارەت بەوەی کە کۆمەڵگە چ جۆرە ئافرەتێکی دەوێت، کوردستان وتی «پیاوان سنوورێکی دیاریکراویان بۆ ئافرەتان داناوە کە نابێت بەهیچ شێوەیەك ئەو سنوورە ببەزێنن، واتە سنوورێك کە هەموو هەڵسوکەوتە مێینەیەکانی تێدابێت، ئەم توێژەرە پێیوایە کە پێویستە ئافرەتانی ئێمە بە هەموو توانایانەوە هەوڵبدەن هەموو جۆرە کارێك بکەن، بەڵام بەو مەرجەی وەکو ئافرەت بە هەستی ئافرەتانە کاربکەن چونکە غیرەی ئافرەتێك بۆ ئافرەتێکەوە وا دەکات لە کۆمەڵگە ئافرەتان شوێن پەنجەیان دیاربێت و سەرکەوتووبن ئەم غیرەیەش سروشتیە لە هەموو ئافرەتێك هەیە کە جوانی بە ئافرەت دەبەخشێت.

دواتر ڕێباز ئیبراهیم قەڵادزەیی توێژەری دەروونی دەڵێت «کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی هەن کە وا لەئافرەت دەکات وەکو پیاو ڕەفتار بکات لەمانەش:

- کە مێینە لەلایەن دایکیەوە توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، هەوڵدەدات دووربکەوێتەوە لەدایکی و خۆی ساخبکاتەوە بۆ ڕەگەزی بەرامبەری، نزیکترین کەسیش کە پەنای بۆ ببات و لاسایی بکاتەوە باوکیەتی، کە بەردەوام هەوڵدەدات وەکو ئەو ڕەفتار بکات.
- بوونی ڕەچەڵەکی پیاوسالاری لەکۆمەڵگە هەر لەکۆنەوە کە پیاو بەبوونی هێز و قوەت ناسراوە کاتێك لەزۆربەی ئیش و کارەکانیش هاوشانی پیاو بووە بۆیە هەوڵدەدات بەجۆرێك خۆی بنوێنێت کە هێزی خۆی دەربخات لەڕووخسار و هەڵسوکەوتدا لایەنگری خێزان کۆمەڵگەش بۆ ڕەگەزی نێر کە بەمانەوەی پشت و هێزن بۆ نێرینە.
- لەجیهانی ئەمڕۆدا بەتایبەتی ئافرەت وەك ژێر دەستەو خزمەتکار و لاواز سەیر کراوە، بۆیە زۆربەی دەستدرێژیەکانیش لەڕووی جنسیەوە هەر بۆئافرەت بووە، هەندێ لەئافرەتان بۆ خۆڕزگارکردن لەمە خۆی وەك کوڕ دەردەخات.
- ئافرەت هەیە جۆرێك لەفزولی و لوتبەرزی پێوە دیارە و حەزدەکات وەك پیاو دەرکەوێت و بەمشێوەیە خۆی دەربخات.
- هەندێك پیشەو کار هەیە جۆری جلوبەرگی ئافرەت ڕێگە نادات کە هەڵسوکەوت بکات، یاخود زۆرجار هەندێ جۆرە نەخۆشی دەروونی هەیە وا لە مرۆڤ دەکات هەوڵبدات لاسایی ڕەگەزی بەرامبەرەکەی بکاتەوە».